KURDISTAN
DIPLOMATIC


خاوەنی ئیمتیاز
دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

لێپرسراوی دەزگا
ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیار
ئەرسەلان حەسەن


1-ئایدیا: گۆڤارێکە گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێرانی بابەتی فیکری و فەلسەفی دەدات، لەگەڵ هەر ژمارەیەکیشدا فایلێکی تایبەت لەسەر فەیلەسوف و بیرمەندێکی رۆژئاوایی بڵاودەکاتەوە.

2-ئایدیا دیبلۆماتیك: گۆڤارێکی سیاسییە و گرنگی بە لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەدات.

3-کوردستان دیبلۆماتیك: گۆڤارێکی سیاسییە گرنگی بە لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنی ئەو رووداوانە دەدات، کە تایبەتن بەکورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، لەگەڵ وەرگێڕانی ئەو بابەتانەی دەربارەی دۆزی کورد دەنوسرێت بە زمانە جیاوازەکان.

4-باران: گۆڤارێکی ئەدەبییە و گرنگی بە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، ئەدەبی جیهانیی و بەپلەی یەکەم ناوخۆیی دەدات، لەگەڵ هەر ژمارەیەکیشدا چەند فایلێك لەسەر شاعیر و نوسەرە کوردەکان، یان بیانییەکان بڵاودەکاتەوە، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی شیعر و چیرۆك بە زمانی کوردی و وەرگێڕان لە زمانە بیانییەکانەوە.

5-فۆکەس: وەرزنامەیەکی تایبەتە و هەر ژمارەیەك فۆکەس لەسەر بابەتێکی تایبەت و گەرم و هەنووکەیی جیهان دەکات.

6- فاکت: گۆڤارێکی تایبەتە بە رەخنەی ئایینی و ئیسلامی سیاسی. گرنگی دەدات بە وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتانەی رەخنە لە هۆشیاریی ساختەی ئایینی دەگرن و بەرچاوی مرۆڤ روووندەکەنەوە.

7- پرۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان: پرۆژەیەکی نوێی دەزگای ئایدیایە و خۆی لە زنجیرە کتێبێکی گەورەدا دەبینێتەوە، هەر کتێبێك تایبەتە بە چەمکێك، هەموو لایەنەکانی ئەو چەمکە دەخاتەڕوو و لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە پێناسەیەکی تێروتەسەلی لەسەر دەنووسرێت یان وەردەگێڕدرێت و ڕاڤە و شیکردنەوەی تەواوی بۆ دەکرێت.

8- پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی: پرۆژەیەکی فکری فەلسەفییە بەشێوەیەکی وەرزی (20) نامیلکە بڵاودەکاتەوە (80) لەوانە بڵاوکراوەتەوەو ئەوانی تریش پرۆژەی داهاتووی دەزگاکەیە.

9- پرۆژەی (100) نامیلکەی توێژینەوەی جیهانی: (100) نامیلکەی سیاسی ئابووریە و توێژینەوەی پسپۆڕان و شارەزایانی جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆیین. گرنگی بەڕوداوگەلی گڵۆباڵ و ناوچەیی دەدات.

10- پرۆژەی کتێب: پرۆژەیەکی هەمەلایەنی بواری سیاسی، فەلسەفی، فکری و بوارەکانی ترە. تا ئێستا نزیکەی (300) کتێب چاپکراوە.

11- پرۆژەی (100) کتێبی ئەدەبی: پێکدێت لە 100 کتێب لەسەر 100 ئەدیب و نووسەری جیهانی. بۆ هەر یەکێکیان پێکدێت لە ناساندنێکی تەواوی ژیان و شیکردنەوە و خستنەڕووی دەق و لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەزموونی نووسینیان.

IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

# KURDISTAN
DIPLOMATIC

گۆڤارێکی سیاسییە، گرنگی بە دۆز و ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستانی گەورە دەدات، ژمارە (34_35) تشرینی دووەم 2019

خاوەنی ئیمتیاز
**دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە**
لێپرسراوی دەزگا
**ئەنوەر حسێن**
a.bazgr@gmail.com
**07701535029**
سەرپەرشتیار
**ئەرسەلان حەسەن**
ستافی سەرەکی
**شیلان کەریم**
**پەرژین ئەحمەد**
**غولآم عەلی**
**نیاز کەمال**
ڕاوێژکاران
ئامەد سلێمان
پێستون سابوراوایی
یادگار عومەر
د. نەزاکەت حسێن
کاروان یارەویس
هەڵەچنی
کارا فاتیح
بەڕێوەبەری سایت
ئاراس حەسەن
دیزاین
ئارام عەلی
تیراژ: 500 دانە
نرخ: (5000) دینار بۆ هەرسێ گۆڤاری
(ئایدیا، ئایدیا دیبلۆماتیک، کوردستان دیبلۆماتیک)



دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
2018idea@gmail.com
idea.foundation
idea_foundation
idea_foundation
0533220180 - 07709556990
**سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیك كۆمەڵگەی بەهاران**



* هەموو ئەو بابەتانەی لە گۆڤارەکەدا بڵاودەکرێنەوە، بەپێی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی، ژمارە (35)ی ساڵی 2007 گۆڤارەکەو خاوەنەکانیان لێی بەرپرسیارن.
* هەموو ئەو بابەتانەی لە گۆڤارەکەدا بڵاودەکرێنەوە مافی گۆڤارەکەیان بەسەرەوەیە کە لەداهاتوودا سودیان لێوەربگیرێتەوە بەپێی بەرژەوەندییەکانی دەزگا یان چاپکردنەوەیان لە پرۆژەی تردا.



بڵاوکراوە و گۆڤارەکانی دەزگای ئایدیا لەلایەن کۆمپانیای (نێوەند)ـەوە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان بڵاودەکرێتەوە
0770 151 7533

## پێرستی کوردستان دیپلۆماتیک

سەروتار

ئاسۆ عەبدوللەتیف .......................................................................................7

فایلی تایبەت بە باکوری کوردستان:

مەسعود تەك، سەرۆكی پارتی سۆسیالیستی كوردستان............ئامادەكردنی: ئارام و پەرژین ................12
عوسمان ئۆجەلان، سەرکردەی باکوری کوردستان..................ئامادەكردنی: نیاز کەمال.......................20
ئامەد مالازگیرت، فەرماندەی بڕیارگەی ناوەندی......................ئامادەكردنی: ئامانج ..........................25

فایلی تایبەت بە باشوری کوردستان:

لیوا حەسەن نوری، بەڕێوەبەری گشتیی ئاساییشی سلێمانی .......ئامادەكردنی: ئەفشین......................... 30
کەمال کەرکوکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی.............ئامادەكردنی: شوان محەمەد.................37

فایلی تایبەت بە ڕۆژهەلاتی کوردستان:

عەلی کەریمی، سیاسەتمەداری ڕۆژهەلاتی کوردستان ............ئامادەكردنی: ئامانج سدیق .................42
ئازەر مودەڕسی، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی.........................ئامادەكردنی: ئاکۆ محەمەد................ 48

فایلی تایبەت بە ڕۆژئاوای کوردستان:

تورکیا سیاسەت لە دژی سوریا و خۆرئاوا بەڕێوە دەبات.......جەمیل بایک.......60

بەرخۆدانی جەنگی خۆرئاوا سەردەکەویت.......موراد قەرەیلان.......64

دەوڵەتی تورك، کێ دەکوژێت؟ کورد دەکوژێت.......دوران کاڵکان.......68

دەوڵەتی تورك دوژمنی هەرچوار پارچەی کوردستانە.......سەبری ئۆك.......72

مەزڵوم کۆبانێ دەڵێت.......وەرگێڕانی: سۆران کەریم.......76

پەلاماری تورکیا: ساتەوەختێکی کارەساتبار.......وەرگێڕانی: د.ژیار فەلاح.......80

لە جیهاندا، لە هیچ دڵنیا مەبە، مردن و باج و.......وەرگێڕانی: پەیام ئازاد.......84

ڕێککەوتنی کوردەکان حکومەتی ئەسەد کێ.......وەرگێڕانی: ئاران عەلی.......89

هێرشی تورکیا بۆ سەر باکوری سوریا تەحامی کۆن.......وەرگێڕانی: کوردستان دیپلۆماتیك.......93

پەلاماری تورکیا بۆسەر سوریا، ئومێدێکی نوێیە.......وەرگێڕانی: ئەرسەلان حەسەن.......98

پانێڵی ڕۆژئاڤای کوردستان

ئامادەکردنی: م. ئازاد

قادر عەزیز.......104

ئیبراهیم عەلیزادە.......106

زوبێر ئایدار.......108

سەعدی ئەحمەد پیرە.......110

شاهۆز حەسەن.......112

عومەر ئێلخانیزادە.......114

ڕەمزی کارتاڵ.......116

مستەفا مەولوودی.......118

عومەر شێخ مووس.......120

عائیشە حەسۆ.......122

ئازەر مودەڕسی.......124

جەعفەر ئەمینزادە.......126

موئەیەد ئەحمەد.......128

تەڵعەت یونس.......130

فەرید ئەسەسەرد.......132

سەلام زیجی.......134

مەزڵووم کۆبانێ.......136

تەلال محەمەد.......138




KURDISTAN
DIPLOMATIC

www.ideafoundation.co

IDEA FOUNDATION

دەزگای ئایدیا

بۆ فکرو لێکۆڵینەوە



ئاسۆ عەبدوللەتیف

# تورکیا و جەنگی ڕۆژئاڤا
# ڕاکردنی پشیلە تا کایەنەکەیە

داگیرگردنی بەشێکی گرنگ لە ڕۆژئاڤای کوردستان و دابڕکردنی ئەو ناوچە ستراتیژییە لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی "کانیی ئاشتی" و "سوپای محەمەد" و بە پشتبەستن بە تیۆرەکانی غەزاکردن و جیهاد و کوشتوبڕی کوردان لە لایەن ئەردۆگان و فاشیزمی تورکییەوە، هیچ دەرکەوتێکی نوێ نەبوو لە هەمبەر سوپای تورکیا و لەشکرکێشی و پاکتاوکردنی نەژادی و سڕینەوەی مۆرک و شوناسی کوردی، چونکە فەرهەنگی تورکی لە قەتڵوعامی ئەرمەنەوە تا ڕەشەکوژیی کوردان لە دێرسیم و کۆبانێ و عەفرین، تا دەگات بە سەرێکانی، پڕیەتی لەم جەور و ستەمکارییانە.

بەڵام ئەو ئۆپەراسیۆنە لە ئێستادا کۆمەڵێک دەرکەوت و پێشهاتی گرنگی بۆ دۆزی کورد نوماکرد و کوردیش پێویستە باشتر لە جاران پیشەسازیی فیکری و سیاسی پێوە بکات، خاڵی ستراتیژیی گرنگ بۆ کورد لەم پرۆسەیەدا، ئەوە بوو کە دیکتاتۆریەت و سیستمی فاشی و دڵڕەقیی تورکیای بەم مۆدێلە ئاییننییەوە نیشانی ڕای گشتی و کۆمەڵگای ڕۆژئاڤایی دا، جارێکی تر کوردی وەک قوربانییەک خستەوە ناو مەحفەلی دەولی و ناوەند و بڕیارگە جیهانییەکانی وەک کۆشکی سپی و کریملن و ئەلیزێ و شەقامی میدیایی جیهانی، ئەم دیوە تراژیدییە و ئەم هاوسۆزی و پشتیوانییە مەعنەوی و کۆدەنگییە بە چەندین ساڵ خەبات و قوربانیدان و هێزی میدیایی ئاسان نەبوو بێتە دی، پاشان کورد سەرباری ئەو دۆخە نالەبار و گوشارە عەسکەری و ڕەشەکوژییەی لە سەری بوو، نەک خۆی تەسلیم نەکرد و ئیرادەی نەشکا، دژی تاریکترین و ناشیرینترین ڕێکخراوی وەکو داعش و فاشیترین سوپای زەبەلاحی ناوچەکە و جیهان، بەڵکو جەنگەکە سەرەڕای نابەرابەری، مۆتیڤی ئەوەی پێ بەخشی کە لە ڕێگەی دەزگا هەواڵگرییەکانییەوە شوێنپێی ئەبوبەکر بەغدادی هەڵگرێت و بیکاتە ئامانج و بە سزای بگەیەنێت و تورکیا توشی ئیحراجییەکی گەورە بکات کە بە تەواوی وەک بەڵگەی تێوەگلان و تاوان لەگەڵ داعش هاوتایان بکاتەوە لە داهاتووی نزیک لە دادگا نێودەوڵەتییەکان، ئەمە وەک هێز و ئیرادە

و ستراتیژی گەورە تەماشا کرا، کە لەناو قەڵەمڕەوی تورکیادا ترسناکترین تیرۆریستی جیهانی دەستنیشان بکەن و بکوژن و تورکیاش بخەنە بەردەم مەحەکی لێپرسینەوە، کە هەم لە لایەن ئەمریکا و هەم لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە وەک دەستکەوت بۆ کورد هەژمارکرا.

مۆدێلی ئاکەپە ئێستا ئیدی لە دوای ئەم ڕووداوانە بەرەو داخزان و شکستی تەواوەتی دەڕوات، ئەم مۆدێلە واتە سوڵتانیزمێک کە خەریکی فراوانخوازی و بڵاوکردنەوەی باڵەکانیەتی بە ڕووی جیهانی ئیسلامی و دەستبەسەرداگرتنی ئایدۆلۆژیای دینی و بەکارهێنانی ئاین و مەزهەب و عەشیرەتەکانی بۆ پاراستنی شکۆ و تۆکمەکردنی پایەکانی خەلافەت، بەڵام دیارە ئەم خەلافەتە دەبێت بڕوخێت بە دەستی کورد و بە پشتیوانیی ستراتیژیی هێزی کوردی، دیارە ئەمریکاش باش لەوە تێگەیشتوە و ناخوازێت خۆی ڕاستەوخۆ بێتە ناو ئەم جەنگەوە، بۆیە تا ئەم ساتەوەختە ناوەناوە هێزی خۆی دەنێرێتەوە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بۆ تەواوکردنی گەمەکە!

لە ڕابردوودا ئەتاتورک هەمان خەون و کەڵکەڵەی هەبوو، کۆمارەکەی بەرەو کۆمارێکی عەلمانی و لائیک برد و بە تەواوی ئایینی خستە دەرەوەی مێژوو، ڕەنگە ئێستا ئەردۆگان بیەوێت ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت و بە مەبەستی قایمکردنی دەسەڵاتەکەی، ئایینی بەتەواوی کردۆتە پەیژە، تورکیای بە تەواوی خستۆتە ناو مۆدێلی سوننەگەرایی ڕۆژهەڵاتەوە، ئەوەش بە سپۆنسەری ئیخوان موسلیمین و قەتەر و فەتح و بزووتنەوەی حەماس و چەندین ڕێکخراوی سوننەگەرای جیهانی، بەڵام نە کورد بەم شاڵاوە ڕازیی دەبێت و نە هاوکاریش دەبێت و نە تەسلیمی ئەو فاکت و واقیعە دژوارەش دەبێت، لە لایەکی ترەوە ئەردۆگان کە خاوەنی مۆدێلێکی جیاوازە لە ڕۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی، خەریکی فراوانخوازی و مۆنۆپۆڵکردنی فیکری دینیی سوننی و ڕاکێشانی هەست و سۆزی دەوڵەتە دینیە لاوازەکانی ناوچەکەشە دژی عەرەبستانی سعودی و هەندێک دەوڵەتی دیکە، ئەمەش بە پشتیوانیی مەرجەعە شیعیەکانی ناوچەکە، ئەوانیش خوازیارن گوتاری سوننی پەرت و بێهێز بکەن و مەرجەعیەتی سوننە، لە دەستی عەرەب دەربهێنن و بیدەنە دەستی سوڵتانێکی لاواز و ئیمپراتۆریەتێکی تورک، کوردیش بەو حوکمەی لە ناو ئەم مەنزومە دینییەدایە و کێشەی ناسنامەی دینیی نییە، کێشەکەی تەنها کێشەی نەتەوەیی و نەژادییە، دەبێت سوود لەم دەرفەتە وەربگرێت و ڕێگر بێت لەوەی ئەردۆگان یاری بەم کارتەشەوە بکات.

## سەرێکانی و گرێ سپی

دەبێ ئەوە بزانین ئەمریکا و ئیدارەی ترەمپ، تا ئەم ساتەوەختە بە شوێن بۆنی باروتەوە نین، ئەوەندەی بە شوێن سەرچاوەی داهات و دەستیشانکردن و ڕەنگکردنی جێپێی بازرگانی و سیاسەتی هەژموونگەرای خۆیانن بۆ جیهان و بەربەرەکانێی بلۆکی چین، ئەوەی لە باکووری سوریا و ڕۆژئاڤا ڕوو دەدات، تازە نییە و سیاسەت و شرۆڤەی ئەو ڕەوشە بە تویت و لێدوانی سادە و ئایدۆلۆژی ناپێوڕێت، شتێک هەیە پێی دەوترێت لۆژیکی هێز، کورد ئەو لۆژیکەی هێشتا بە دەستەوەیە ئیدی بۆ کامپی ڕووسیا بێت یان ئەمریکا و دۆستەکانی، ئەم پێشهاتە تەکمیلەی هاوکێشەیەکی کۆنی ئەمریکا و تورکیا و ڕووسیایە، ئەمریکا شەڕ بۆ تورکیا ناکات، بۆ

کوردیشی ناکات بەڵکو پیشەسازی بە شەڕەوە دەکات، شەڕ دەخاتە بەر دەرگای تورکیا، دوای ئەوەی کە دۆستەکانی پرچەک کرد "هەسەدە- یەپەگە"، ئێ خۆ بۆ پۆز و گەشت و سەفا نییە، دروست بۆ پیشەسازیی شەڕە، بۆیە دەوڵەتانی میحوەری "ئێران و تورکیا" بە سەرگەرمبوونیان بە جەنگەوە لاواز دەکات، تورکیا بە تایبەت دێنێتە بەر دەرگای جەنگێکی سەخت و دەشزانێت جەنگی یەکلاکەرەوەی پێ ناکرێت، بێلایەنیی ئەمریکا بۆ شەڕی ڕۆژئاڤا و دروستکردنی ناوچەی ئارام، مانای جێهێشتن و پاشەکشە نییە لەو قولاییە ستراتیژییە کوردییە ڕووسی ئەمریکییە، دەیەوێت سەرەتا تورکیا وەک پۆلیس رام بکات، تەرە نەبێت، ڕۆڵی باشتر ببینێت و خزمەت بە ستراتیژیەتی ئەمریکا بکات و هیچ نەبێت لە ئێستادا سەرئێشە نەبێت بۆ کۆشکی سپی.

فەرهەنگی تورکی پڕە لە چیرۆکی ڕەشەکوژی و تۆماری ڕەشی فاشیزم و دژە ئینسانی، ئەمریکا دەزانێت تورکیا فایلی لەمە ڕەشتر نابێت بە هۆی باری لاسەنگی ئابووریی و لیرەکەیەوە، هەنگاوی گەورەشی پێ ناهاوێژرێت دژی ڕۆژئاڤا، تا ڕادەیەک دەستکراوەی کردوە بۆ دوو سێ ئامانج نەک زیاتر، بینیمان ڕەشەکوژیی لە کۆبانێ و عەفرین و ڕۆبۆسکێ، کە پشتگیری و سەپۆرتی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ زیاتریش بوو، ئەمریکا هەر بێدەنگ بوو، ئێستاش بێدەنگیی لێ دەکات بۆ کاتی خۆی، فرۆشتن لە ئارادا نییە وەک هەندێ چاودێر باسی دەکەن، جەنگێک گەر ڕوو بدات هیچ لە سودی ئەنکەرە نابێت، ئەمریکا دەزانێت ئەردۆگان وەک جاران سوڵتانی ڕەها نییە و ئۆپۆزسیۆن و ڕای گشتی و ئابووریش ڕێگەی پێنادات جەنگی گەورە ئیدارە بدات.

تورکیای سەردەمی ئەردۆگان، دەرکەوت مۆدێلی توندڕەویی ئایینیی بێ فکرە، ئەمریکا ویستی بیخاتە ڕیزی بەرەی نوسرەو شام و داعش و کردیشی، بەس هێشتا ماویەتی، ئێستا لە بەشێکی زۆری سوریا داعش و بەرەی شام لە بەرگی تورک و تورک لە بەرگی داعشدا هەر دووکیشیان لەناو مەنزومەیەکی ئایینیی میتۆد فاشیدا کار دەکەن، ئەمریکا ئەوەی دەوێت تا هێڵەکان بە باشی بناسێتەوە، پێشتر دیدی خورافە و زیندووکردنەوەی خەلافەتێکی سوننی لە لایەن هەندێک دەوڵەتی کلاسیکیی ناوچەکەوە بۆ ئەردۆگان قەڵغان بوو، ئێستا ئیتر ئەو قەڵغانە لاواز بوە دوای کێشەکانی سعودیە و ئێران و یەمەن و تورکیاش ترسی گۆڕینی لێ نیشتوە، ئەم ترسە تاکە شتێک بیرەوێنێتەوە و شەقامی پێ ڕازی بکات، مەسەلەی لەشکرکێشیی دەرەکییە و تورکیا زۆر شانازیی پێوە دەکات، بەڵام ڕۆژاواش خاوەنی چەک و دسپلینە و پارووەکە ئاسان نابێت و دەستکراوەیی ئەردۆگان لە کۆشکی سپییەوە بۆ لەشکرکێشیی نوێ پلانی ئەمریکایە بۆ جەنگی دیکە، نەک بەدەستەوەدانی کانتۆنەکان!

تورکیا هێشتا بۆ ئەمریکا و ڕۆژئاوا گرنگە و ئەمریکا نایەوێت بە تۆپزی تورکیا بتۆرێنێ، بەڵکو دەیەوێت تورکیا بێنێتە سەرلێواری برسێتی بە جەنگی سوریا و ڕۆژئاڤا، ماوەیەک خەریکی بکات، ئینجا کوردیش لە ئەجێندای ئەمریکا ئەوەندە فشار نییە و کۆنتراکتی نووسراوی نییە وا بزانین ئەمریکا باوکە گەورەکەیە چیتر ئەم عاتیفەسازییە دەبێت کۆتایی بێت، کاتی ئەوەیە کورد چیتر چاوەڕوان نەمێنێتەوە و ئەوەندەش بە سۆز و موغازەلەوە سیاسەت نەکات بێئومێدی بچێنێتەوە، کاتێک زانیی دەوڵەتێکی گەورە لە هەڵوێستی پشتگیریکارانەوە دەگۆڕێت بۆ

هەڵوێستی بێلایەنی، سیاسەت وایە خۆ ئەمە نوێ نییە بۆ کورد، چیرۆکی بێمروەتی لە دێرسیمەوە درێژبۆتەوە بۆ ئازاری حەفتاوچوار و داگیرکاری عەفرین و کەرکووک و شانزەی ئۆکتۆبەر، حەسەن نەسروڵلا وتەنی ئەمریکاش جێگای متمانە نییە و دەبێ کوردیش چیتر وەک خۆی سیاسەت بکات و نمایشی بازوی خۆی بکات

**به دیوی تورکیادا**

تورکیا لە ئێستادا وەک سوڵتانێکی نوێ و سیستمێکی کۆماریی تاکەکەسی، دەزانێت سەختە بەرگەی ئەم دۆخە بگرێت ئەردۆگان هەرگیز وەک کەمال ئەتاتورکی پێ ناکرێت لە رووی سەربازییەوە، تەنانەت قۆناغی ئەتاتورک بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەوکات شتێکی تر بوو، کورد بە تەواوی دابەشکراو بوو، وەک کۆمۆنە وابوو، بە تەواوی لە مەنگەنەی ئیمپریالیزم و دەوڵەتانی تورک و فارس و عەرەب درابوو، ئێستا وانیە. "مستەفا کەمال ئەتاتورک" کاتی خۆی زیاتر لەناو قەیرانی سەخت و جەنگ و ئاژاوەدا هات و خۆی کردە سیمبولی تورکەکان و تا ئێستاش تارماییەکانی ئەم کاریزمایە ماون بەسەر زیهنیەت و بیرکردنەوەی تاکی تورکییەوە، ئەردۆگانیش دەیەوێت هەمان رێگا و سەختی تاقی بکاتەوە، بەڵام چانسی رەشی ئەردۆگان ئەوەیە قۆناغەکەی کەوتۆتە ناو هۆشیارییەکی گەورەی سیاسی و فەرهەنگی و بەرخودان وزیندووبوونەوەیەکی گەورەی رۆحی کوردییەوە بە سەپۆرتی گەورەی رێکخراوە گەورەکانی جیهان و دەوڵەتانی دیموکراسییەوە، ترەمپ راستە بریاری کشانەوە دەدات، وەلێ هەزاران رەخنە و رێگریی و رەنگە ئاستەنگی یاسایی نێودەوڵەتی بۆ دروست بێت لە داهاتوو.

ئەردۆگان وەک سەرکردەیەکی خۆرهەڵاتی دەیەوێت سوود لەم دەرفەت و ئاژاوەیە وەربگرێت و نمایشی کەسایەتییەکی موجاهید و رزگارکەر و پاڵەوان بۆ خۆی بکات و بە تەواوی وەک ئەڵتەرناتیڤی ئەتاتورک دەربکەوێت و وێنای ئەمریکا و ئیسرائیل وەک دوژمنی ئیسلام و تورک بکێشێت و خۆشی وەک پاڵەوانی بەرگری ئەم شانۆیە بناسێنێت، بەشێکی رۆژئاڤا داگیر بکات تاوەکو شکستی هەڵبژاردنەکانی رابردووی ئەنکەرە و ئەستەنبوڵی پێ کاڵ بکاتەوە، بەڵام وێنەکە بە جۆرێکی ترە، راستییەکەی هەرگیز نێوانی ئەمریکا و تورکیا خراپ نەبوە، لە هەندێ جێگاشدا کاتی خۆی لە سووریا وەک "مەنبەج" ئۆپەراسیۆن و مانۆری هاوبەشی سوپای ئەمریکی و تورکی هەبوو، بۆیە هەر بە جدیی ئەمریکا دەزانێت تورکیا تا چ رادەیەک توانستی هەیە و دەشزانێت راکردنی پشیلە تا کایەنەکەیە و بەس.